هەرکەسێک حەز بە دیداری خودا بکات؛ خوای گەورەیش حەز بە دیداری ئەو دەکات، وهەرکەسێک حەز بە دیداری خودا نەکات؛ خوای گەورەیش حەز بە دیداری ئەو ناکات

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک حەز بە دیداری خودا بکات؛ خوای گەورەیش حەز بە دیداری ئەو دەکات، وهەرکەسێک حەز بە دیداری خودا نەکات؛ خوای گەورەیش حەز بە دیداری ئەو ناکات»، ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا حەز نەکردنە لە مردن، هەموومان حەزناکەین لە مردن؟ فەرمووی: «بەو -شێوەیە- نییە، ئیماندار ئەگەر موژدەی پێبدرێت بە ڕەحمەتی خوای گەورە وڕەزامەندی وبەهەشتەکەی؛ حەز بە دیداری خوای گەورە دەکات وخوای گەورەیش حەز بە دیداری ئەو دەکات، وکافر (بێباوەڕ) ئەگەر موژدەی سزا وتووڕەیی خوای گەورەی پێبدرێت؛ حەز بە دیداری خودا ناکات وخوای گەورەیش حەز بە دیداری ئەو ناکات».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

هەرکەسێک حەز بە دیداری خودا بکات؛ خوای گەورەیش حەز بە دیداری ئەو دەکات، وهەرکەسێک حەز بە دیداری خودا نەکات؛ خوای گەورەیش حەز بە دیداری ئەو ناکات)، عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- پرسیاری کرد: ئایا مەبەست حەزنەکردنە لە مردن ئەی پێغەمبەری خودا، هەموومان حەزناکەین بمرین؟ ئەویش فەرمووی: (نەخێر، بەو شێوەیە نییە)، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵی دا سەبارەت بەوەی ئەگەر مرۆڤ حەز بە دیداری خوای گەورە بکات ئەوا خوداش حەز بە دیداری ئەو دەکات، ئیماندار باوەڕی بەو پاداشت ونیعمەتە زۆر وهەمیشەییانە هەیە کە خوای گەورە بۆ باوەڕداری ئامادەکردووە لە بەهەشتدا؛ بۆیە حەز بە ئەمە دەکات وزۆر گرنگی بەم دونیایە نادات، چونکە دەچێت بۆ شوێنێک خێرتر لەم شوێنە کاتیە، وئەمیش دەبێتە هۆی ئەوەی حەز بە دیداری خوای گەورە بکات، و بەتایبەت لە کاتی مردندا کاتێک مژدەی ڕەزامەندی وڕەحمەتی خوای گەورەی پێدەدرێت بۆیە حەز دەکات بە دیداری خوای گەورە وخوداش حەز بە دیداری ئەو دەکات، بەڵام مرۆڤی کافر (بێباوەڕ) پەنا بە خودا ئەگەر موژدەی پێبدرێت بە سزای خوای گەورە و تووڕەبوونی لاشەی پارچەپارچە دەبێت وحەز ناکات دەربچێت لەم ژیانە، بۆیە ڕۆحی کافر بە ناڕەحەتی دەردەهێنرێت لە لاشەی وحەز ناکات لەم دونیایە دەربچێت؛ چونکە پەنا بە خودا موژدەی شەڕ وسزای پێدەدرێت وبۆیە حەز ناکات بە دیداری خوای گەورە وخوداش حەز بە دیداری ئەو ناکات، خوای گەورە دەفەرموێت: {وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلظَّٰلِمُونَ فِى غَمَرَٰتِ ٱلْمَوْتِ وَٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ بَاسِطُوٓا۟ أَيْدِيهِمْ أَخْرِجُوٓا۟ أَنفُسَكُمُ ٱلْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ ٱلْهُونِ بِمَا كُنتُمْ تَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ غَيْرَ ٱلْحَقِّ وَكُنتُمْ عَنْ ءَايَـٰتِهِۦ تَسْتَكْبِرُونَ}[الأنعام: 93] واتە: {خۆزگە ستەمکارانت دەبینی کاتێک وان لە ناڕەحەتی و سەختی سەرەمەرگدا و فریشتەکان دەستیان بۆ دەبەن (بۆ گیان کێشانیان) (پێیان دەڵێن) خۆتان دەربازکەن (لەم ناڕەحەتی گیان کێشانە ئەگەر ڕاست دەکەن) ئەمڕۆ پاداشتی ڕیسواکەر دەدرێنەوە بەهۆی ئەوەی کە قسەی ناڕاستان هەڵئەبەست بە ناوی خواوە و خۆتان بەگەورە دەزانی لەبەرانبەر ئایەتەکانی خوادا}.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8266